لا إله إلا الله، تیاچوون بۆ عەرەب لە شەڕێک کە نزیک بووەتەوە، ئەمڕۆ ئەوەندە لە دیوارە مەزنەکەی پێش یەئجوج ومەئجوج کرایەوە

لە زەینەبی کچی جەحشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ترسێکی زۆرەوە هاتە ژوورەوە، وفەرمووی: «لا إله إلا الله، تیاچوون بۆ عەرەب لە شەڕێک کە نزیک بووەتەوە، ئەمڕۆ ئەوەندە لە دیوارە مەزنەکەی پێش یەئجوج ومەئجوج کرایەوە»، وپاشان بازنەیەکی دروستکرد بە پەنجە گەورەی وپەنجەکەی تەنیشتی، زەینەبی کچی جەحش دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا تیا دەچین لە کاتێکدا پیاوچاکان لەنێو ئێمەدان؟ فەرمووی: «بەڵێ، ئەگەر تاوان وپیسی زۆر بوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ترسێکی زۆرەوە چوو بۆ لای زەینەبی کچی جەحش -ڕەزای خوای لێبێت-، لەکاتێکدا دەیووت: (لا إله إلا الله)؛ ئەمیش بۆ ڕاگەیاندن وپێشبینی کردنی شتێکی ناخۆش کە ڕوودەدات، وهیچ ڕزگاربوون وپەنایەك نییە لێی مەگەر بە پەناگرتن بە الله نەبێت -سبحانه وتعالى-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: تیاچوون بۆ عەرەب لە شەڕێك کە نزیکە ڕوودانی، ئەمڕۆ ئەندازەیەك لە دیوارە مەزنەکەی پێش یەئجوج ومەئجوج کرایەوە، ئەم دیوارە مەزنە ئەو بەنداوە گەورەیە کە (زو ئەلقەرنین) دروستی کرد، بۆ وەسفکردنی ئەندازەکە بازنەیەکی بچووکی دروستکرد بە پەنجە گەورەی وئەوەی تەنیشتی، زەینەب -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: چۆن خوای گەورە تووشی تیاچوونمان دەکات لەکاتێکدا ئیماندارە پیاوچاکەکان لەنێو ئێمەدان؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئەگەر پیسی -تاوان وفاسقێتی- وزینا ومەی خواردنەوە وهتد زۆر بوو، ئەوا تیاچوون هەمووان دەگرێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3145